کازیوە سالح:

پرۆسەی دیموکراسی دەسەڵاتو کورسی دابەش ناکات

ئا: شۆڕش قەرەداغی

بۆ قسە کردن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو بەشداریکردنی کورد لەهەڵبژاردنەکانی عیراقداو چەندین تەوەرەی گرنگو هەستیاری نێو ئەو پرۆسەیە، ئەم چەند پرسیارەمان لە(کازیوە سالح) نووسەرو رۆژنامەنووسی دووڕە وڵات کرد:

****تاچەند گەشبینی بەتاینەدی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئایا گرتنەبەری پێکهێنانی لیستی هاوبەش سیاسەتێکی حەکیمانە بوو، بوونی ئەو جۆرە لیستە تاچەند دیموکراسیەتی پرۆسەکە بەرجەستە دەکات، بوونی لیستی جیاواز چۆن دەبینی؟***

و: پرۆسەی لیستی هاوبەش هێندەی پەیوەندی بەبەرژەوەندیو ئامانجی هاوبەشەوە هەیە هێندە پەیوەندی بەپرۆسەی دیموکراسییەوە نییە، ئەو هاوبەشییە بەرژەوەندی جەماوەریشە نەک تەنها دەسەڵاتەکان، کەلەهەمو سەردەمێکدا یەک دەنگیو یەک لیستیو یەک هێزی یەکخستنی مالّی کوردی بەدرێژایی رۆژانی براکوژیو هەتا ئێستا کەهەردوولا بوون بەیەک، جەماوەر داوای ئەو یەک دەنگییەی کردووە، زانیویەتی یەک دەنگی واتە مسۆگەرکردنی مافی زیاتر، بەڵام خواستەکەی پەراوێزخراوە چونکە بەرژەوەندی حزبیو دەسەڵاتخوازی رێگەی خوێندنەوەی بەرانبەری لێگرتبوون. ئەمڕۆش کەبوون بەیەک لیست هەڵبەت ئەگەر وای ببینین ئەوە واتای یەک دەنگی کوردیان دیموکراسی دەکات، چونکە دەنگی کوردو یەکێتی کورد تەنها دوو دەسەڵاتە زلهێزەکە ناکات، بەڵکو بەدەیان حزبی بچوک خراوەتە پەراوێزەوە کەهەریەک لەوانەش بەشێکن لەدەنگی کورد، دەنگی کوردیش بەیەکگرتووی واتە دۆزینەوەی ئالیەتی خۆ دۆزینەوەی زیاتر، پرۆسەی دیموکراسیش دەسەڵات دابەش ناکات یاخود کورسی دابەش ناکات بەسەر دوو لایەندا لایەنەکانی دیش پەراگەندە بکرێت، بەو شێوەی کەفتی بەفتی هەردوو دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا بیکەن بەدوو کەرت، بێ دەسەڵاتیش بکەوێتە پەراوێزی ئەوانەوە، وەکو پرۆسە ئەو شێوە کارکردنە تەنها لەتیۆری توتالیتاریدا هەیە، وەکو کوردایەتیش ئەو مەسەلەیە خزمەت بەدۆزی کورد ناکات، چونکە بەو شێوەیە دەنگی کورد دابەشکراوە بەسەر دووداً، یان دوو بەرە جەماوەر، جەماوەری حزبی بەهێزو هی بێ هێز، لەو دووەشدا یەکێ بالاو یەکێ نەویە کەهەردووڵاش هەر دەنگی کورەە، دیسان ئەمەشیان لەنێو پرۆسەی دیموکراسیدا جێگەی نابێتەوە.

من هیچ گەشبین نیمو هەر لەسەرەتاشەوە گوتومە" نابۆ هەڵبژاردن" هیچ کاتێکیش ناتوانم بەوە خۆم بخەڵتێنمو خۆم بخزێنمە نێو چوارچێوەی گەشبینی کەبچمە نێو دەنگدانێکەوە بۆ شەرعییەت دان بەحوکمی عەرەبو دوژمنانی نەتەوەی کورد، هەمووان دەزانین تەنها بەیەک هێماش عروبە لەئیسلامو ئیسلام لەعروبە جیا ناکرێتەوە، هەردوو تەوەریش هەتا ئێستا دژایەتی کوردی پێکراوە.

لەلایەکی دی من پێم وایە بەیەکەوە بەستنەوەی ئێمەو عەرەب مەحاڵە، چونکە پەیوەندی کوردو عەرەبو دوژمنانی دیش لەپەیوەندی هاوسەرتێییەکی زۆرەملێو نامەشروع دەچێت، کەئێمەیان بەزۆرو بێ خواستی خۆمان لەعەرەب ماڕە بڕیوە، هاوسەرێتی بەزۆریش، جیابوونەوەی دیسان یان بەزۆرە یان لەڕێگەی یاسایەکی دادوەرانەوەو بالاتر لەبالای هێزی خاوەن زۆرەملێیە، دەسەڵاتدارانی کوردیش هەر لەسەرەتای دەست تێوەردانی ئەمریکاوە ئەو هەلەو ئەو یاسا بالایەی لەپێناوی بەرژەوەندی کەسیدا دۆڕاند، کەئەمریکا دەیتوانی ئەو دادگایە بێتو تەلاقی خۆمان بداتێ.

پاش ئەمانەش من ناتوانم متمانەم بەوە هەبێت کەئەو هەندە سەربەخۆیەش هەیە بەهۆی ئەم زەماوەندە نوێیەمان لەگەڵ عەرەبدا لەدەست نادەینو جارێکی دی رۆڵەی کورد بەر کوشت بڕو زیندانو سوکایەتی نابێتەوە، ئەم دڵەراوکێیەش پەسەندە چونکە هیچ پێوەرێکی زانستی دەروونیو سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو دڵنەوایەمان ناداتێ کەکۆمەڵی عەرەب بەگشتی کۆمەڵێکی شۆڤێنیو بەربەریە بەرانبەر بەکورد، کۆمەڵی عیراقیش بەتایبەتی کەکۆمەڵێکە هەتا سەر ئێستقان پرگرێ کوێرەو تۆندوتیژیو رەگەزپەرستی شۆڤیانەی بەعسە، کۆمەڵێك ئەو نەوەی ئێستا هەن تائێستا لەهیچ پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بەشداری نەکردووەو هیچ لایەنێکی ژیانی بچوکترینی رۆناکی دیموکراسیانەی تێدا نەبووە لەواتاکانیش تێ ناگات، عیراقێك کەلەساڵی ١٩٢٠وە هەڵبژاردنی تێدا نەکراوە ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کورد هێندە متمانەیان بەخۆیان هەبێت بتوانن ئەو جۆرە کلتورە بگۆڕن بەکلتورێکی دیموکراسی فرە لایەن کەلەسەر بنەمای فرەیی لەکارو بڕیارو یەکێتی لەهەڵوێستدا بەرجەستە ببێت، کەخۆیان تا ئێستا نەیانتوانیوە لەنیو ناخی خۆیاندا وابن، لەگەڵ ئەوەی دڵنیام گەر پێچەوانەکەشی بێت ئەوا دیسان گۆڕینی کۆمەڵێکی پڕ لەگرێی دەروونی وەکو عیراق زۆر گرانە.

**** بەشداریکردنی ژنان لەم پرۆسەیەدا دەبێ چۆن بێت، دواتر ئەو ژنانەی لەنێو لیستەکانی هەڵبژاردندا ناویان هاتووە تاچەندە ناسراون لەخەباتی فێمێنیستانە تاچەندێك پێشبینی ئەوەیان لێدەکەیت کار بۆ سەرخستنی بزاڤو خەباتی فێمێنیستانەی کورد بکەن؟***

ـ سەرەتا دەڵێم خوازیارم چەمکەکان نەشێوێنرێت، واتە نەگوترێت بزاڤی فێمێنیستی، چونکە بەداخەوە لەکوردستاندا بزاڤی فێمێنیستی ئامادەگی نییە، خۆزگە وابوایە، ئەو کات متمانەمان بەژنان زیاتر دەبوو. بەڵام ترسناك ئەوەیە لەکوردستاندا هەر چەمکێك دەبیسترێت جۆرەها شتی دەدرێتە پاڵ شیکردنەوەو تێگەیشتن لەچەمکەکە نەبێت، باس لەعەلمانیەت، مەدەنیێت، جیهانی مۆدێرنەو.. تاد دەکرێت بەبێ ئەوەی زۆربەی ئەو باسانە ناوەرۆکی چەمکەکە بپێکن.. چەمکی فێمێنیستیش بەهەمان دەرد براوە لەکوردستاندا، پێیان وایە بزووتنەوەکانی ژنان یان ژن خۆی یان هەر کەس باسی کێشەی ژنی کرد ئەو کەسە فێمێنیستەو سەر بەبزاڤی فێمێنیزمە، کەئەوە راست نییە، فێمێنیزم جیهانبینی ژن دەکات لەدەرەوەی دەسەڵاتی فکریو مادیو مەعنەوی پیاو، لەدەرەوەی ئیرادەو خواستی پیاو، جیهانبینیەك بەهەمو شێوەیەك ژنانەو.. هتد، لەو چەند وشەیەوە باهەر کەس لەخۆی بپرسێت ئایا رێکخراوەکان سەرجەمیان خواستو هزرو دەسەڵاتی پیاو بەتایبەت پیاوانی دەسەڵاتی لەپشت دروست کردنو هەمو دەستکەوتیەکیانەوە نییە؟، ئایا ئەوانەی لەرۆژنامەیەکی حزبیدا کار دەکەن هێندەی بەرژەوەندی ئەو حزبەی کەخاوەنی رۆژنامەکەیەو پیاوە ناجوڵێتەوە؟

پێموایە کەسی شیاو ئەو میژووە بەبالای خۆی نابڕێت کەبچێتە نێو هەڵبژاردنێکو دەسەڵاتێکەوە کەدرێژکەرەوەی دەسەڵاتی عەرەبی رەگەزپەرست، عروبەی ئیسلامو ئیسلامی عروبەیە کەرۆژێك لەرۆژان یەکەم مافی ئەوی ژن نادات، دووەم مافی نەتەوەکەی نادات، هەمو ئەو بانگەشانەش کەهەیە هەتا کشانەوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانانو پتەوکردنەوەی دەسەڵاتی عروبەیی پڕ دەکات لەنێو عیراقدا.. کارەساتە مرۆڤی کورد عیراقی عروبەو کیمیاویو بکەرانی ئەنفالو هەڵەبجە بەنیشتمانی خۆی بزانێت، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا مادام ئەو هەڵبژاردنەیان کردووە بەچارەنووسی کوردو پیاوان تێدا بەشدارن باژانیشی تێدا بێت، بەڵام خوازیارم ژنانێکی یاخی بەرامبەر بڕیارە دژەکان بن نەك ملکەچ.

*لەنێو شەقامی کوردیدا نیگەرانیو دوو دڵی هەستی پێدەکرێت لەمەسەلەی بەشداریکردن لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا، هۆی ئەم دوو دڵییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

و: شەقامی کوردی دەزانێت ئەگەر لەدەستووری کاتیدا هیچ حسابێکی بۆ نەکراوەو تەنانەت بەقسەی هەندێك لەلێپرسراوانی ناو ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لەدیدارەکانیاندا دانی پێدا دەنێن، کەنوێنەرانی کورد جەسووری هیچ بەرگریکردنو قسەکردنیان لەسەر مەسەلەکانی کورد نییە، گەر ئەمڕۆ لەخاڵی لاوازی عەرەبدا کورد پەراوێزو بێ مافو بەهایە، سبەی لەدەستووری هەمیشەییدا چی بۆ دەست نیشان دەکرێت، دواتر خەڵك دەنگ بەپرۆگرام دەدات نەك بەرووخسار، کامەیە ئەو پرۆگرامە فەرمییەی کەدەسەڵاتدارانو دەنگی کوردی لەعیراقدا خستویانەتە بەردەمی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایەتی عیراق بەتایبەت سەبارەت بەناوچە ئازادکراوەکانو چارەسەری قایل کەربان هەیە بۆیانو ئەو پرۆگرامەشیان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا کردووە هەتا دوو دڵ نەبێت دەنگ بدات، خەڵکی کورد جامی پڕ بووە بەرانبەر بەچەواشەکاری، گەر سەرکوت وازیان لێبهێنێت ئەجارە چەواشە ناکرێن.

شەقامی کوردی لەوە تێدەگات کەکورد ئەمڕۆ لەکەرکوکدا ئالای دەسوتێت، لەموسڵو شارەکانی دیدا تیرۆر دەکرێت، هەتا ئێستا وشەیەکی کوردی لەسەر هیچ دامو دەزگایەکی عیراقدا نەنووسراوە، کەئەمڕۆ چانسی کورد لەبەرزیدایەو هی عەرەب لەنزمیداو عەرەب لەزۆربەی دەسەڵاتەکانی ناو عیراق بووە، کەئێستا هەوڵی بووژانەوەی دەدا، لەو بارودۆخەدا ئەوە مافی کوردو بەهای کورد پاش دەسەڵات بوونی عروبە دەبێت بارودۆخی چی بێت؟.

جەماوەری کوردو شەقامی کوردی دوودڵن لەوەی دەبینن کەئەمڕۆ لەمیانەی هێزی ناوەندەوە زەویەکانی دابەش دەکرێت، رۆڵەکانی زیندانی دەکرێت گەر داوای مافی خۆی بکات، بچوکترین مافی لاوان کەخۆپشاندانو داوای گۆڕانە قەدەغە دەکرێتو وەلامی خواستەکانیان بەرێژنەی گوولەو زیندانیو سوکایەتی دەدرێتەوە، ئەی سبەی ئەگەر ئەو هێزە ناوەندە بوو بەهێزی سەنترالّ چی بەسەر ئەو خەڵکەو مل نەدەرانی خۆی دەهێنێت؟!

شەقامی کوردی ئاگادارە لەبەهاو حورمەتی ئەنفالەکانو هەڵەبجە، دڵنیایە ئەوی زیندوو لەوانە بەبەهاتر نابن.

جەماوەری کورد لەناو جەرگەی کارەساتەکاندان دەبینن هێشتا پارومان لەگەڵ عەرەبدا نەکردووە بەیەك هەژاریو نەداریەك لەکوردستاندا بلاو بووەتەوە کەپێویستە هەژار بمرێت، بەهۆی مالّی عەرەبو کۆمپانیە بازرگانییەکان کەسەرجەمیان لەگەڵ دەسەڵاتەکاندا هاوبەشن خانوو نەبەکرێو نەبەکڕین بۆ کورد نییە، هەتا کرێکاری عەرەب وەستابێت بەنرخی هەرزانتر کرێکاری هەژاری کورد کاری دەست ناکەوێت، جگە لەگرانی شمەکو پێداویستییەکانی ژیان، خەڵکی کورد لەساکارترین مافو سەرەکیترین پێویستیان بێبەشن کەئاوو کارەبایە، ئایا خەڵك نازانێت لەنێو بیرەکانی نەوتدا دەژیو نەوتی بەگرانترین نرخ دەست دەکەوێت؟، کەواتە بۆ تاکو کۆمەڵی کورد وێناکردنەوەی پرۆسەی جەللادو قوربانییەو گەشتوون بەو هەقیقەتەو بەبڕیارو بڕیارەکەشیان لابووە بەیەقین، بەڵام ناوێرن لەبەر ساتوڕی دەسەڵاتەکاندا گوزارشتی لێبکەن.

****یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی کەهەنووکە قسەی زۆری لێدەکرێت مەسەلەی ئامادەو چارەنووسی ناوچە تازە رزگارکراوەکانی کوردستانە بەواتای (کەرکوکو خانەقینو ناوچەکانی تر) لەم ماوانەی دواییشدا سەرکردایەتی کورد دەستی داوەتە هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو ناوچانەو بەتایبەت جێبەجێکردنی بڕیاری (٥٨) بەر لەهەڵبژاردن، ئایا پێت وانییە ئەم هەنگاوانە دەرهنگ ئران، دواتر ئەمەو نمونەکانی تری هاوشێوەی ئاماژە نین بەبوونی کەمتەرخەمیو بێبەرنامەیی*****

بەر لەدەستەبەرکردنی کەرکوك و ناوچە تازە رزگارکراوەکان، بەشداریکردن لەهەر پرۆسەیەك گەمەیەکی دۆڕاوە

بەدەیان حزبی بچووك خراوەتە پەراوێزەوە، کەهەریەك لەوانە بەشێکن لەدەنگی کورد

کازیوە سالح
نووسەرو رووناکبیر

پرسیاری هەفتانەی نەڵبژاردن

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی راگەیاندنو نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانو ئەوگۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییانەی رووبەڕووی پرۆسەکە دەبنەوە، رۆژنامەکەمان هەرجارەی بە پرسیارێکی هەمە لایەنە میوانداری کەسایەتییەکی سیاسیو شارەزا دەکات بۆ خستنەڕووی راوبۆچووی جیاواز لەسەر پرۆسەکە:

* هۆکاری خەمساردی خەڵك بەرامبەر هەڵبژاردن لەچییەوە سەرچاوەی گرتووەو بۆچی خەڵکی لای ئێمە تەنها فێربوون یەك لیستە، یەك رەنگ بناسن؟

ئا: ئاوات عەبدولخالق

هۆشەنگ دەرویش

شاعیرو رۆژنامەنووس:

هاوولاتی کورد تووشی جۆرێك لەنیگەرانیو دڵەراوکێ بووە بەهۆی ئەزموونی سالانی رابردوو

ـ هاوولاتی کورد لەهەڵبژاردندا لەسەر یەك لیست راهاتووە، چونکە مۆرکی حیزبایەتی بەتەواوی بالّی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کێشاوە، بێگومان ئەو مۆرکەیش هیچ خزمەتێك ناکات.

لەولایشەوە فرە لستی نیشانەی ئازادیو دیموکراسییە کەهاوولاتی کورد لەسایەیدا هەست دەکات پەراوێز نەخراوەو بەرژەوەملێ پەلکێش نەکراوەتە ژێر چەتری یەك ئایدۆلۆژیاو یەك حیزب.

هاولاتی کورد بەپەرۆش نییە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە، چونکە دەسەڵاتی کوردیو تەنانەت رەوتە رۆشنبیریو فیکریەکانیش رۆڵی پێویستی خۆیان نەگێڕاوە لەبواری روونکردنەوەو دەرخستنی رووی راستەقینەی هەڵبژاردنەکانو ئەو دەستکەوتانەی کورد هەنگە بەدەستیان بهێنێ چ لەسەر ئاستی کوردستان یان عیراق، بێجگە لەوەی هاوولاتی کورد تووشی جۆرێك لەنیگەرانیو دڵەراوکێ بووە بەهۆی ئەزموونی سالانی رابردوو کەپڕ بووە لەجەورو ستەمو رێگرتن لەئازادییەکان، ئەو هەستەیشمان لەیاد نەچێت کەهاوولاتی کورد هەست نەبوونی خۆی دەکات لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی بەزۆر پێکەوە لکێنراودا کەقەوارەی عیراقی دروستکراوە.

سەرکردایەتی کورد؟

ـ لەمەسەلەی ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا بەتایبەت مەسەلەی کەرکوك کەکرۆکی زۆربەی کێشەکانە، ئەو کاتە لەدەستمان دا کەحزب بوو بەئامانجو کوردایەتی کردنیش بوو بەئامرازی گەشتن بەو ئامانجە، بەر لەدەستەبەرکردنی ئەو ناوچانەش بەشداری کردنی هەر پرۆسەیەك گەمەیەکی دۆڕاوە، جگە لەوەی دەبێت بەخاڵێکی رەشیش بەنێوچەوانی شۆڕشی نوێوە، چونکە فیدرالّی بۆ کورد بەبێ کەرکوك سی ساڵ بەر لەئێستەش پێشنیاز کراوە، دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە بەبێ کەرکوك رەتیان کردووەتەوە لەو کارەساتە پڕ ئشکەنجەشدا کەکوردی تێدا دەژیا، ئەمڕۆ کەباشترین هەلی میژوویی بۆ کورد لەم شۆڕشە نوێیەدا فەراهەم هات، بەڵام لاوازی گوتاری سیاسی کورد دۆزی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ بەر لەئێستا ئەمەیانە کەقبوڵ ناکرێتو پێموایە بەوادەی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن جارێکی دی سەر لێشێواوەو کۆرەوی لاوانی کورد دەست پێدەکاتەوە بۆ هەندەران، ئەوەی بەئاواتێکی بچوك لەوێ دەژیا ئەوەشی لا نامێنێت وەکو سەردەمی شەڕی براکوژی جارێکی دی کۆچو کۆچ بەرو غوربەتی نوێی نەتەوەیەکی دی بەڕێوەیە. بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی کورد بۆ یەکجاریش کوردایەتیو کیانی کورد بکەن بەسەنترالیزمی ئامانج خۆشیان بکەن بەئامرازێ بۆ سەنترالیزمکردنی.